اللَّهُمَّ إني أعوذ بك من عذاب القبر، وعذاب النار، ومن فتنة الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، ومن فتنة الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای دەکرد ودەیفەرموو: «اللَّهُمَّ إني أعوذ بك من عذاب القبر، وعذاب النار، ومن فتنة الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، ومن فتنة الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ»، واتە:«خودایە من پەنات پێدەگرم لە سزای گۆڕ، پەنات پێدەگرم لە سزای دۆزەخ، پەنات پێدەگرم لە فیتنەی ژیان وفیتنەی مردن، وپەنات پێدەگرم لە فیتنەی مەسیحی دەجال». ولە گێڕانەوەی [مسلم]دا: «ئەگەر یەکێکتان تەحیاتی کۆتایی تەواو کرد، با پەنا بە خوای گەورە بگرێت لە چوار شت: لە سزای دۆزەخ، ولە سزای گۆڕ، ولە فیتنەی ژیان وفیتنەی مردن، ولە شەڕی مەسیحی دەجال».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پەنای بە خوای گەورە دەگرت لە چوار شت، لەپاش تەشەهودی -تەحیاتی- کۆتایی و لەپێش سەلامدانەوە لە نوێژ، وەفەرمانی پێمان کردووە کە پەنا بە خوای گەورە بگرین لە چوار شت: یەکەم: لە سزای گۆڕ. دووەم: لە سزای ئاگری دۆزەخ وئەمە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕوودەدات. سێیەم: لە فیتنەی ژیان : کە هەموو شەهـوەت وئـارەزووە حەرامەکـان وگومـانە گومڕاکەرەکـان دەگرێتــەوە، ولـە فیتنـەی مـردن : واتـا سـاتی مـردن وسەرەمەرگ ؛ لە لادان لە ئیسلام یان سوننەت، یان فیتنەی گۆڕ وەکو پرسیارکردنی فریشتەکان. چوارەم: فیتنەی دەجال ؛ کە لە کۆتایی دونیا دەردەچێت، واللە بەندەکانی پێ تاقی دەکاتەوە ؛ و بەتایبەت باسی فیتنەی دەجال کراوە چونکە فیتنە وگومڕاییەکەی زۆر گەورەیە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3103